# بەرنامە و پەیڕەوی نێوخۆی
# سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران



١ی پوشپەڕی ١٤٠٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٣ی جولای ٢٠٢٣ی زاینی

کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی سازمانی خەبات چاپی دەکا

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

Khabat Organization of Iranian Kurdistan

١٣٥٩

# نێوەڕۆک

## بەشی ١ — کورتەیەک لەمێژووی.......


گەلی کورد — لاپەڕەی ٤ بۆ ٥
جوڵانەوەی مافخوازانەی کوردستانی ئێران — لاپەڕەی ٦ بۆ ٧
شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە ڕژیمی پاشایەتی — لاپەڕەی ٧ بۆ ٨
هاتنە سەر کاری ڕژیمی ئاخوندی و ڕەدکردنەوەی مافەکانی کورد — لاپەڕەی ٩
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران — لاپەڕەی ١٠ بۆ ١١


## بەشی ٢ — کارو بەرنامەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران......


فەسڵی یەکەم : ئامانجە گشتیەکان — لاپەڕەی ١٢ بۆ ١٤
فەسڵی دووەم: بەڕێوەبردن و شێوەی کاروباری دەوڵەت — لاپەڕەی ١٥ بۆ ١٦
فەسڵی سێهەم: ئامانجە ئابووریەکان — لاپەڕەی ١٦ بۆ ١٧
فەسڵی چوارەم: ئامانجە فەرهەنگی و پەروەردەییەکان — لاپەڕەی ١٧ بۆ ١٨
فەسڵی پێنجەم: کار و باری تەندروستی و کۆمەڵایەتی — لاپەڕەی ١٨ بۆ ١٩
فەسڵی شەشەم: سیاسەتی دەرەوە — لاپەڕەی ٢٠


## بەشی ٣ — پەیڕەوی ناوخۆ پەسندکراوی کۆنگرەی حەوتەم


بەندی یەکەم: ناو و پێناسەی سازمانی خەبات — لاپەڕەی ٢١
بەندی دووەم: مەرجی ئەندام بوون — لاپەڕەی ٢٢
بەندی سێهەم : ئەرکەکانی ئەندام — لاپەڕەی ٢٢
بەندی چوارەم: مافەکانی ئەندام — لاپەڕەی ٢٣
بەندی پێنجەم: سزادانی ئەندام لە بنَ نەزمیدا — لاپەڕەی ٢٣
بەندی شەشەم: کادر — لاپەڕەی ٢٣
بەندی حەوتەم: مەرجەکانی کادری پلە یەک — لاپەڕەی ٢٤
بەندی هەشتەم: مەرجەکانی کادری پلە دوو — لاپەڕەی ٢٤
بەندی نۆهەم: مەرجەکانی کادری پلە سێ — لاپەڕەی ٢٤
بەندی دەیەم: بنەمای کارکردن لە ئۆرگان و بەڕێوبەریدا — لاپەڕەی ٢٥
بەندی یازدەهەم: قەوارەی بەڕێوەبەری سازمانی خەبات — لاپەڕەی ٢٥ بۆ ٢٦
بەندی دوازدەهەم: ڕێکخراو و کۆمیتەکان — لاپەڕەی ٢٦

# بەشی یەکەم
















## گەلی کورد

دوای شەڕی چاڵدران لەنێوان عوسمانیەکان و شاسمایلی سەفەوی کە لە٢٣ی ئووتی ١٥١٤دا رووی دا، زۆرینەی کوردە سونیەکان پشتیوانیان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد و لەشکری شاسمایل شکستی هێنا. دوای شکستی هێزی شاسمایل دژمنایەتی ئەو دوو دەوڵەتە درێژەی کیشا، تا لەساڵی ١٦٣٩ زایینی پەیمانی (زەهاو) دابەشکردنی کوردستان لەنێوان ئەو دوو دەسەڵاتە بێگانەدا مۆر کرا. بەشی زۆری کوردستان کەوتە بەر دەسەڵاتی عوسمانی و بەشی کەمتری کە کوردستانی ئێستای ئێرانە، کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکان و کوردی یەك زمان و یەك رەگەز و یەك فەرهەنگ و یەك کەلەپوور، بەبێ ئەوەی خۆی ڕازی بێ، لەنێوان دوو ئیمپراتوری جیاوازدا دابەش کرا.

لە شەڕی جیهانی یەکەم دا، بۆ دووهەمجار ئەو بەشە لەخاکی کوردستان کە بە ئیمپراتوری عوسمانی بوو، بە پێی پەیمانی سایکس پیکۆ لە ١٩١٦دا کرا بە سێ بەش و هەربەشەی بە سەر سوریە، تورکیە و عێراق دا دابەش کراو سات و سەودا بە کورد و کوردستانیان کردە هۆی رازیکردن و رێککەوتنی دژبەرانی شەڕی یەکەمی جیهانی و لەودەمەوە تا ئێستا کورد بە بێ مەیلی خۆی، چارەنووسی لە دەستی چواردەسەڵاتی بێگانەی نەیاردایە.

لە دابەشکرانی یەکەمەوە کورد بە تەواوی هەستی بە بێ بەشی کرد. هەربۆیە هەستی ئازادیخوازی رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەبوو، بەتایبەت کە لەلایەن هەر دوو داگیرکەرەوە بێ رەحمانە دەچەوساوە و سەرکورت دەکرا.

ئەو دەوڵەتانە دەستیان دایە راگواستنی بەشێك لە هۆزە کوردەکان بەرەو ناوچە دوورەکان. عوسمانیەکان بەرەو ئەرزەرۆم و ئەناتۆڵی و سەفەوییەکان بەرە و خوراسان کە زۆربەیان دوای چەند سەدە، زمان و فەرهەنگ و رەگەزی خۆیان لێ وون نەبووەو هەر نەفرین دەنێرن بۆ ئەوانەی رایان گواستن.

هەرچەندە لە پەیماننامەی سیڤەردا کە لە ساڵی ١٩٢٠ دا، لەنێوان دەوڵەتانی (تورکیا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، ئەرمەنستان، بەلژیک، یۆنان، پۆڵەندا، پروتوگال، ڕۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلۆڤێنیا و چیکۆسلۆفاکیا و وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا – وەك چاودێر ) مۆرکرا کە (شەریف پاشا) وەك نوێنەری کورد بەشداری تێداکرد، سێ خاڵی ئەو پەیماننامە تایبەت بوون بە چارەسەری کێشەکانی کورد، بەڵام سێ ساڵ دواتر و لە پەیماننامەی لۆزان دا کە لە نێوان (ئیمپراتۆریەتیی عو سما نی ، فە ڕ ا نسە ، بەریتانیا، ئیتاڵیا، ئیمپراتۆریەتیی وژاپۆن،یۆنان،یوگۆسلاڤیا و ڕۆمانیا واژۆ (ئیمزا) کرا، کوردیان لەو مافانە بێبەشکرد و زەبرێکی کاریگەر لە مەسەلەی کورد و کێشە ڕەواکەی درا و نەیان هێشت ئاوات و داخوازیەکانی کورد بەپێی پەیمانی سیڤەر بێنە دیی.

حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان پاش جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی لۆزان، سیاسەتێکی هاوبەشیان لە دژی کورد گرتەبەر و دەستیانکرد بە جینۆسایدی ئابوری، فەرهەنگیی و رەگەزی و تالاّنکردنی کانزاو بەرو بوومی کوردستان و دەرکردنی کورد لە سەر زێدی باو باپیرانی و داخستن و بەستنی سنورەکانی کوردستان و بەو هۆیەشەوە بەدەیان و سەدان هەزار خزم و بنەماڵە لە یەکدی دابڕان. لە سایەی پەیمانی لۆزاندا، لە سوریاو تورکیا حاشا لە بوونی کورد وەك نەتەوە کراو لە عێراقیش سیایەتی تەعریب و بنەبڕکردن و ئەنفال و جینۆساید کردنی گەلی کورد زیادی کرد و لە ئێرانیش هەر لە کۆنەوە و بە تایبەت لە ماوەی دەسەڵاتی رەزا شاوە، کوردیان چەوساندەوە و لە





هەموو ماف و ئازادیەکانیان بێبەشیان کردن.
گەلی کوردستان لەدوای دابەشکرانی بەسەر چەند وەلاتدا، وەك غەواره و گەلی بێ بەش و جێی گومان چاویان لێکراو ئەو روانینە ناحەزو ناپەسەندەی داگیرکەران، لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا وایکرد کە کورد دەست بداتە خەبات لە بەرانبەر ستەم و داگیرکاریدا، بەتایبەت ئەو خەبات و فیداکاریەیی لەماوەی زیاتر لە سەدساڵی رابردوودا، دەیان هەزار قوربانیی لێ کەوتۆتەوەو دەربەدەری و ماڵوێرانی و بێ سەر و شوێن بوونی کوردی بەدواوە بووە.



ستەم وڕرندەیی دەسەلاتدارە خۆبەزلزان و ملهوڕەکان لەدژی کورد و تێکڕای دانیشتوانی ئەو وەلاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، لە سەرکوتی شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران و شێخ رەزای دەرسیم و بەندکران و دوورخستنەوەی شێخ عوبیدولای نەهری و راگواستن و کوژرانی هەزاران کەس لە نەتەوەی کورد لە تورکیە و هەروەها وێرانکردنی زیاتر لە چوار هەزار گوندی کوردستانی عێراق و کارەساتی دڵتەزێنی ئەنفال کە لەلایەن رژیمی بەعسی عێراقەوە بەڕێوەچوو،کە تیایدا نزیکەی ١٨٢ هەزار کورد بێ سەر و شوێن کرا و شاری هەڵەبجە و سەردەشت و چەند لادێ کیمیاباران کرا و پێنج هەزار کەس شەهید بوون، کە شوێنەواری ئەو جینایەتە تاچەندین دەیەی تر هەردەمێنێ و دڵی هەر مرۆڤێکی خاوەن هەست دەتەزێنێ.



لە ئێرانیشدا بە فەرمانی جیهادی خومەینی و قازیە بەناو شەرعیەکانی، وێران و کاولکردنی شارو لادێکان و کۆمەڵکوژی هاونیشتمانانی کورد، لە نەغەدە، قارنە و قەلاتان، سۆفیان، وسوکەند، ساروقامیش و ئێعدامی بەکۆمەڵ و بێ سەروشوێنکردنی بێ بەزەییانەی پیرو لاو و هەروەها ئێعدامی سەدان مرۆڤی شۆڕشگێری کوردی لێکەوتەوە.
رژیمی خومەینی لەساڵی ١٣٦٧ی کۆچی خۆری، لەماوەی نزیک بە مانگێک دا، هەزاران کەسی تەنیا بە تاوانی بوونی پێوەندی بە هێزە شۆڕشگێرەکان و داواکردنی مافە نەتەوەییەکان ئێعدام کردوە. هەروەها ترۆری دەیان تێکۆشەری سیاسی، فەرهەنگی، نووسەر و رووناکبیری لەناوخۆ و دەرەوەی ولات بەڕێوە بردوە، کە ئێستاش ئەم کردەوانەبەردەوامن و درێژەیان هەیە.



لە وەلاتی سوریە رێژیمە یەک لەدوای یەکەکان، نەتەوەی کوردیان بە خراپترین شێوە سەرکوت و حاشایان لە بوونی کردوە بە تایبەت لە دوای هاتنە سەرکاری حافیز ئەسەد هیچ جۆرە مافێك بە کورد بە رەوا نەبینداروە و ئێستاش رژیمی سوریە بە بەرچاوی وولاتانی خاوەن هێزو پارێزەرانی مافی مرۆڤ و دنیای بە ناو دێمۆکراسی و لە ژێر پشتیوانی ماددی و مەعنەوی رژیمی ئێران و حکومەتی روسیە، سەرەرای ئەوەی رۆژانە ئەو گەلە و نیشتمانەکەی وێران و لەناو دەبرێ، بەشێکی زۆری ئەو نەتەوەیە لە مافی شاروەندی و ناسنامە بێ بەشە و لە رابردوودا بەشێکی بەرچاوی لە نیشتمانی خۆی وەک عەفرین، کۆبانێ، زەهرە و ئەحمەدییە لە لایەن دەسەلاتی دیکتاتۆری سوریەوە راگواستنی زۆرەملی کوردیان تێداکراوە. ئەوانە و دەیان نموونە و بەڵگەی حاشاهەڵنەگری دیکە لەسەر ستەمگەری و ملهوڕیی داگیرکەران و دەسەلاتە ناڕەواکان هەن کە ئەو ستەمگەرییانە بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو راستیەی کە خەباتی جەماوەری کورد بۆ وەدەست هێنانی مافە بنچینەییەکانی، خەباتێکی رەواو مافخوازانەیە و لەگەڵ هەموو خاڵ و بەندەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان دێتەوە و گەلی کورد لەم بەشەی کوردستانیشدا تا سەرکەوتنی یەکجاری ناسرەوێ و بۆ رزگاری لەو ناعەداڵەتیانە لەسایەی خەباتی شێلگیرانە و رەوادا بۆ رزگاریان خوێن دەدەن و نابەزن و لە ئێستادا ئیدارەیێکی خۆبەڕێوەبەریان هەیە. بێگومان راوەستان لە بەرانبەر زاڵم و تەعەداکاردا، ئەرکێکی پێویستە و نەتەوە و مرۆڤەکان بۆ رزگار بوونیان، دەبێ خەبات بکەن و رێگە نەدەن زوڵمیان لێ بکرێ.



گەلی کورد کە گەلێکی خاوەن مێژووی چەند هەزار ساڵەیە و لە نیشتمانی خۆیدا ژیاوە، مافی رەوای خۆیەتی بۆ دەستەبەرکرانی ماف و ئازادیەکانی تێبکۆشێ و لەو پێناوەشدا هەموو تواناو رێگە دروست و رەواکان بۆ خەبات کردن تا هاتنە دیی ئامانجەکانی، بەکار بێنێ. گەلی کورد دەبێ بە هەڵسورانی سیاسی و بلاوکردنەوەی زانیاری و ناساندنی خۆی و خەبات و مافە رەواکانی، سەرنجی رای گشتیی جیهانی و دەوڵەت و دەسەلاتە خاوەن هێزەکان و ناوەندهکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان راکێشێ بۆ پشتیوانی لە خەباتی رەوای، تا لەم رێگایەوە بە ماف و ئازادیەکانی بگا و لە کاروانی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دوانەکەوێ و دەروی شایان و شیاوی خۆی بگێرێ.



# جوڵانەوەی مافخوازانەی کوردستانی ئێران

ساڵی ١٢٩٩ی کۆچی خۆری، ڕەزا شا بە کودەتایەکی سەربازی توانی دەسەڵات لە ئێراندا بگرێتە دەست. ڕەزا شا هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاریەوە هەوڵی سڕینەوە و تواندنەوەی سەرجەم ئەو بزووتنەوانەی دەست پێکرد کە نەتەوەکانی ئێران هەڵیانگیرساندبوو، لەوانە شۆڕشی سمایل ئاغای سمکۆ و جافر سوڵتان و حەمەڕەشی خانی بانە.

دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ لە زەبروزەنگ و سەرکوتی کورد و نەتەوەکانی ئێران، ڕەزا شا بە فەرمانی بەریتانیا لە دەسەڵات لادرا و لەگەڵ دوورخستنەوەی و لە ئەنجامی ئەو بۆشایە دەسەڵاتەی کە لە ناوچەکەدا هاتبوە ئاراوە، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی کۆچی خۆری، یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا، بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەلایەن کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کوردەوە دامەزرا. ئەو کەسایەتیانەی کە کۆمەڵەی ژێکاف، یان دامەزراند بریتی بوون لە حوسێن فروهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەبدولڕەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەڕیس، محەمەد نانەوازادە، عەلی محەمەدی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەد ئەسحابی، عەبدولڕەحمان کیانی، سدیق حەیدەری و قاسم قادری.

ئامانجی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان رزگاری نەتەوەی کورد و ڕزگار بوونی کوردستان بوو. سەرەتا بەشێوەی نهێنی دەستیان بە چالاکی کرد و پاشان دەستیان دایە خەباتی ئاشکرا. لە دوای هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە دژی ئاڵمان و هیتلەر و بە پیلانی وڵاتانی یەکیتی شۆڕەوی (ڕوسیە) کۆمەڵەی ژێکاف هەڵوەشێندرا.

لە دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ژێکاف، لە ٢ی ڕێبەندای ١٣٢٦ی هەتاوی، پێشەوا قازی محەمەد لە مهاباد کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و یەکەم کابینەی دەوڵەت لە ١٤ وەزیر پێک هات و سوپای کۆماری

## ئامانجەکانی کۆمار بریتی بون لە



١. ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی ئێران لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا

٢. زمانی کوردی بکرێتە زمانی ڕاگەیاندن و خوێندن و ئیدارە

٣. هەموو بەرپرسەکان لە خەڵکی ناوچەکە هەڵبژێردرێن

٤. هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزەری بۆ کوردستان، بە مەبەستی چاودێری دەوڵەت و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

٥. یەکێتی و برایەتی لەگەڵ خەڵکی ئازەربایجان

٦. یاسایەک هەبێت بە یەک شێوە مامەڵەی کرێکار و کەسایەتییە باڵاکان بکات.

کوردستان دامەزرا. کۆماری کوردستان بە پێچەوانەی کۆماری ئازەربایجان کە بە پاڵپشتی هێزی سەربازی سۆڤیەت ڕاگەیەنرا، زیاتر پشتی بە هێزی سەربازی خۆیی بەست و سپای کۆمار کە بەشێکی پێکهاتبوون لە هێزی بارزانییەکان بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی، دامەزرا و محەمەد حوسێن سەیفی قازی وەک وەزیری جەنگ دەستنیشان کرا و پلەی جەنەڕاڵ بەخشرایە مەلا مستەفا بارزانی.

ئەو هێزە سەرجەم تایبەتمەندیەکانی سپایەکی نیشتمانی تێدا بوو، کە بە شێوەیەکی سەردەمیانە ڕێکخرا بۆ پارێزگاری لە سنوورەکانی کۆماری کوردستان. سپای کۆماری کوردستان لە ماوەی تەمەنی خۆیدا چەندان جار بەرپەرچی هێرشی دژمنی لە ناوچەکانی مامەش و قاراواوە و هێڵی سەقز-بانە دایەوە و هێرشەکانی تێک شکاند.

بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، گەشەی ئابووری و فەرهەنگی ڕووی لە هەڵکشان کرد. گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان پەرەیان سەند و چاپخانە دامەزرا و ژنان هاتنە ناو چالاکیە سیاسییەکانەوە و بڕیاری خوێندنی زۆرەملێ لەلایەن کۆمارەوە دەرکراو لەو ماوە کەمەدا، زمان و ئەدەبیاتی کوردی بووژانەوەیەکی یەکجار زۆری بەخۆیەوە بینی.

هەرچەندە دەسەڵاتی کۆمار نەیتوانی لە سنووری موکریان تێپەڕێت، بەڵام بیر و ئەندێشەی کۆماری کوردستان توانی لە سەڵماسەوە تا ئیلام بتەنێت و سنوورەکانی کوردستان ببڕێت. بەداخەوە بەهۆی ناکۆکی ناوخۆی و هەروەها خۆڕێکخستنەوەی ئەرتەشی حکومەتی پاشایەتی لە ئێران، پاش ١١ مانگ بەسەر تێپەڕبوونی کۆماردا سپای ئێران هێرشی کردو قازی محمد بەداخەوە لە سێدارە درا.

هەرچەندە کۆماری کوردستان تەمەنی ١١ مانگ بوو، بەڵام لەو ماوە کورتەدا لە بوارە جیاجیاکاندا گەلێک دەستکەوتی بە نرخ و پڕ بایەخی بۆ گەلی کورد بەدەست هێنا کە کاریگەری لەسەر بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و باوەڕ بوونی خەڵك بە خۆیان و بەردەوام بوونیان لە شۆڕش و خەبات بۆ ئازادی و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان هەبوو.

کۆماری کوردستان موڵکی تێکڕای چین و توێژەکانی جەماوەری کوردستان و دەستکەوتی نەتەوەییەو پەیوەندی بە هیچ هێزو لایەنەکی سیاسییەوە نیە.



کورتەیەک لە مێژووی...

# شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە ڕژیمی پاشایەتی

نەتەوەی کوردو باقی نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێران لەدوای ئەوەی هەستیان بە ژێردەستی کرد، خەبات و تێکۆشانی بێ وچانیان بەرامبەر بە داگیرکەران درێژە پێ داوە. لە شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە ڕژیمی پاشایەتی لەساڵی ١٣٥٧ی کۆچی خۆریدا، تێکڕای خاوەن باوەڕان بە ئازادی لەو شۆڕشەدا بەشدار بوون و دانیشتوانی کوردستانیش دەورێکی کاریگەر و سەرەکیان هەبوو لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە و ڕاماڵینی پێگەی دەسەڵاتی پەهلەوی لە کوردستاندا.

ئەو خەبات و ڕاپەڕینە یەکگرتووەی گەلانی ئێران بە کورد، فارس، ترك، عەرەب، بلوچ و قەوم و دین و مەزهەب و بیروبۆچوونەکان، بەو ئامانجە بوو کە ئیتر بە یەکجاری کۆتایی بە ستەم و بێ عەدالەتی دێ و هەموو نەتەوەکان لە ئێراندا بە مافە ڕەواکانیان دەگەن.




خەباتی کورد دژ بە دەسەڵاتی زاڵمی پاشایەتی، بەر لەخۆسەپاندنی ڕژیمی
دیکتاتۆری ئاخوندەکان بەسەر خەڵکی ئێران و کوردستان، لەبەرچاوە و
ڕابردویەکی پڕ لە شانازیە بۆ گەلەکەمان.








# هاتنە سەرکاری ڕژیمی نەگریسی ئاخوندی و ڕەد کردنەوەی مافەکانی کورد لە لایەن ئەو ڕژیمەوە

خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، بە مەبەستی پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و بەفیڕۆنەدانی بەری ڕەنج و خوێنی شەهیدان کەوتنەخۆ. هەر بەو مەبەستەش لە کوردستان و باقی ناوچەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨ی کۆچی خۆریەوە جەماوەر بە ڕێپێوان و ناڕەزایەتی، بێزارییان لە دەسەڵاتی نوێ ئاشکرا کرد.

دەسەڵاتدارانی نوێ لەجیات وەڵامی بەڵێ بۆ داوای جەماوەری ڕاپەڕیو و بێزار لەستەم، بە بەکارهێنانی هێزی سەرکوت، بێ بەزەییانە کەوتنە گیان خەڵك و میتینگ و ناڕەزایەتی و کۆبوونەوەی جەماوەرییان دایە بەر پەلامار و هەزاران کەسیان ڕاپێچی زیندان کرد و دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەریان لەژێر شکەنجەو پەتی سێدارە شەهید کرد.

خەڵکی کوردستانی ئێران ئومێدەواربوو بە ڕووخانی ڕژیمی پەهلەوی، کۆتایی بە ڕەنج و مەینەتی دەیان ساڵەیان بێ. بەڵام زۆری پێ نەچوو ڕووبەڕووی ستەمێکی تاقەت پڕوکێنتر و دڕندانەتر بووەوە.
سەرەڕای ستەم و بێ عەدالەتی و ڕەفتاری بێ بەزەییانەی دەسەڵات، هاونیشتمانیانی کوردستانی ئێران بەردەوام داوای ئاشتی و لێك تێگەیشتنیان کردوە. هەر بەو مەبەستەش دەستەی نوێنەرایەتی کورد بە سەرۆکایەتی مامۆستا شێخ عیزەدین حسینی بۆ ووت وویژ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی رژیم دیاری کرا. دەستەی نوێنەرایەتی کورد پێداگرانە هەوڵیان دا کە دەسەڵاتدارانی ئێران ڕازی بکەن هەتا مافە ڕەواکانی کورد بسەلمێنن.



بەڵام لە وەڵامی داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستاندا ئاخوندەکان بە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە و هەڵوێستی نا دیموکراتیک و هێرشی نیزامی، بوونە هۆی سەرهەڵدانی جەنگێکی خوێناوی داسەپاو و ناچار کردنی کوردستانیان بە دیفاع لە خۆیان و نیشتمانەکەیان.
لە دوای فەرمانی جیهادی خومەینی، هێرش و جەنگی ناڕەوا لە دژی خەڵکی کوردستان هاتە ئاراوەو پاسدار و باقی هێزە سەرکوتگەرەکان قەڵاچۆ و کوشتاری خەڵکی بێ تاوانیان دەستی پێ کرد و خەڵخاڵیی قازی شەرعی رژیم رەوانەی کوردستان کرا، کە چۆنی پێی خۆش بێ و چەندەی حەزی لێ بێ دڕندانە لاو و پیری کوردستان بنێرێتە مەیدانەکانی تیرباران و پەت و سێدارە و مەرگ.
خەڵخاڵی لەماوی چەند رۆژدا، دەیان لاو و پیری کوردی شەهید کرد و بەو جینایەتانەی لاپەڕەیێکی رەش و قێزەونی بۆ دەسەڵاتدارییی ئاخوندەکان تۆمار کرد، کە تا ژیان دەمێنێ لەبیر کورد و ئازادیخوازان و ویژدانە زیندوەکانی دونیا ناچێتەوە. هێرشی پاسدارە بەکرێگیراوەکان بۆ سەر کوردستان و سوتاندن و وێران کردنی چەندین شارو دێ و هەڕەشە و کوشتن و زیندانی کردنی لاوەکان و کەسایەتیە ئازادیخوازەکان، جەماوەری ناچار کرد بۆ دیفاع لەخۆیان و پارێزگاری لە نیشتمانیان، دەست بدەنە نارەزایەتی و خەباتی چەکداری و بەربەرەکانێ لەبەرانبەر رژیمی دەسەڵاتدارییی ویلایەتی فەقیە.
گەلی کورد حەقی خۆیەتی وەک نەتەوەییێکی مێژوویی و خاوەن توانا، دەوری لە بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی ئێراندا هەبێ و دەسەڵاتی بەسەر نیشتمانی خۆیدا بەخۆی بێ. دەبێ دەسەڵاتی ناوەندی لەجیات سەرکوتی کورد و داگیرکردنی کوردستان و مۆڵدانی هێزی سەربازی، هاوکاریی کورد بکا بۆ ئەوەی نیشتمانی ئاوەدان بکاتەوە و لەهەموو بارێکەوە گەشەی پێ بدات.

> **بەرهەمی ڕاپەڕینی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران لەلایەن خومەینی و دەست و پێوەندەکانیەوە، بەهێنانە مەیدانی دەسەڵاتێکی تاکڕەوانە و غەیرە دیموکراتیک و ناڕەوا، لەژێرناوی ئیسلامدا بەفیڕۆ درا**



# سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران



هاوکات لەگەڵ راپەرین و سەرهەڵدانەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە رژیمی پەهلەوی، لە کوردستانیش رێپێوان و راپەرینەکان بۆ وەدەرنانی ئەو دەسەلاتە دژە کورد و ئازادیە دەستی پێ کرد. ئەو نارەزایەتی و راپەرینانە بە پێشڕەوی و رێبەرایەتی چەند ماموستای ئایینی شۆرشگێر و نیشتمانپەروەر بەرێوە دەبرا, کە ماموستا شێخ جەلال حوسەینی وەك یەکێك لە دیارترین سەرکردەکانی راپەرین دەوریی سەرەکی و بەرچاوی گێڕاو لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان تا ڕوخانی دەسەڵاتی پەهلەوی و سەرکەوتنی راپەرین پێشەنگ و پێشڕەوی جەماوەری کرد. لە دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنەیش ماموستا لە بەرێوەبەریی و هاندانی جەماوەری کوردستان بۆ خۆڕاگری لە بەرانبەر ستەمگەراندا، لە پێناو هاتنەدیی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان درێژەی بە میتینگ و کۆبونەوە جەماوەریەکان دا. هاوکات لەگەڵ وتووێژەکانی کورد و رژیمی تازە بەدەسەلات گەیشتووی خومەینی جەنابی ماموستا سەید جەلالی حوسەینی هەوڵیدا لە گەڵ شەهید ماموستا ڕەحمانی زەبیحی (ماموستا عولەما)، شەهید حامید بەگی جاف جوانرۆیی و ژمارەیەك کەسایەتی دیکەی کوردستانی ئێران و بە پشتیوانی ڕەوان شاد ماموستا شێخ عیزەددین حوسەینی ڕێکخراوێکی سیاسی لە سەر بنەمای فکرەی نەتەوەیی و نیشتمانی، دامەزرێنن. هەر چەند بە هۆی گێرەشێوێنی چەندین کەس و بەربەرەکانی چەند لایەنێك دامەزران و ڕاگەیاندنی نەگەیشتە ئاکام بەڵام تێکۆشان و خەباتی ماموستا سەید جەلالی حوسەینی لەسەر دامەزرانی ڕەوت و سازمانێکی نوێ کە جیابێ لە ڕەوتە چەپ و کومنیستەکانی دیکە بێ پسانەوە درێژەی هەبوو.

لەدوای هێرشی پاسدار و ئەرتەشی بەکرێگیراو بۆ سەر کوردستان و کوشت و بڕی خەڵکی کورد بە بیانوی دژی ئینقلاب و دژی ئیسلام، جەماوەری کوردستان بڕیاری دیفاع لە نیشتمانیاندا. بۆیە ماموستا سەید جەلال و هاوباوەڕانی لە ساڵی ١٣٥٨ی ك خ، کار و تێکۆشانی خۆیان لە چوارچێوەی دەفتەرێک بە رێبەرایەتی ماموستا شێخ عیزەدینی حوسەینی ڕێکخست. هاوکات هەوڵیاندا سازمان و تەشکیلاتێکی نەتەوەیی



و نیشتمانی بە بەشداری مامۆستا شێخ عیزەدین دامەزرێنن. بەڵام لە دوای ئەوەی مامۆستا شێخ عیزەدین بەشداری نەکرد، مامۆستا شێخ جەلالی حوسەینی لەگەڵ ژمارەیێک لە مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتیە تێکۆشەرەکانی کوردستان سازمانێکی سیاسیان پێکهێنا، کە بە بۆچوونێکی جیاواز لە ڕێبازی هێزو لایەنەکانی دیکە هاتە مەیدانی خەباتی مافخوازانەی کوردستان و پەرچەمدار و پێشڕەویی جەماوەری کرد. گەلاڵەی دامەزرانی سازمانێکی نەتەوەیی و ئیسلامیان بە دوو هۆی سەرەکی داڕشت، یەکەم زۆربەی هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان چەپ بوون و دووهەم خومەینی ڕێبەری ڕژیمی ئاخوندی بەناوی دینی ئیسلامەوە فەرمانی جیهادی دژی گەلی کورد دا.
لە ئاکامدا لە ٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی کۆچی خۆری بەرانبەر بە ٢٧ ئەگۆستی ١٩٨٠ی زایینی، پێکهاتنی سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران (خەبات)یان ڕاگەیاند.

بە ڕاگەیاندنی سازمانی خەبات، خاوەنبیرانی ئەو ڕێبازەو بەشێکی بەرچاو لە جەماوەری کوردستان پەیوەست بە ڕیزەکانی بوون و دڵخۆش و هیواداربوون کە لەسەر ڕێبازی سازمان بە ئاوات و ئامانجە نەتەوەییەکانیان بگەن. سازمانی خەبات لە چەندین شار و ناوچە، لە باکوور تا باشووری کوردستانی ئێران بنکە و ڕێکخراوەکانی دامەزراند. سەرەڕای کەند و کۆسپێکی زۆر،کادر و پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات هەڵسووڕانی سیاسی و نیزامیان لە بەرانبەر هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕژیمی ئاخوندیدا دەست پێ کرد.

بەڵام بەداخەوە بە هۆی کۆسپ و تەگەرەی جیاجیا کە لەلایەن هێز و لایەنەکانی دیکەوە، (حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە) خرانە سەر ڕێگەی کار و چالاکی کادر و پێشمەرگەکان، سازمانی خەبات نەیتوانی وەك پێویست ئەرك و کارە تەبلیغی و تەشکیلاتیەکانی ئەنجام بدا. هەر بۆیە ناچار بوو بۆ پەرە پێدانی سیاسەت و هەڵوێستی سەربەخۆ و بێ لایەنانەی خۆی لە هێندێك ناوچەی کوردستان بە نهێنی هەڵسوڕێ.
سەرەڕای بوونی کۆسپ و تەگەرەکان سازمانی خەبات بە هەوڵی کادر و پێشمەرگە قارەمانەکان و حیکمەت و لێزانی مامۆستا سەید جەلال حوسەینی توانی بەرەو پێش بچێ و سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتیی خۆی بپارێزی.

سازمانی خەبات لەماوەی زیاتر لە چوار دەیە مەوجوودیەتی لە مەیدانی خەباتدا، توانیویەتی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی بەڕاستی و پاکی بەجێ بێنێ. سازمانی خەبات هەر لە سەرەتاوە واقعییەت و ناوەرۆکی دواکەوتوانەی ڕژیمی ئاخوندی ناسیوە، هەربۆیە درووشمی ڕووخانی ڕژیم یەکێك لە درووشمە سەرەکی و نەگۆڕەکانیەتی.
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە ڕەوتی بەرەوپێش چوون و هەڵدانی خۆیدا و لەئاکامی هەڵسەنگاندن و وردبونەوە لە هەلومەرجی سەردەم و پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ناو جەماوەری کوردستان دا، ئاڵوگۆڕێ بنەڕەتی لە بەرنامەی کاری سیاسی و ستراتیژی خۆیدا بە پێویست زانیوە.

سازمانی خەبات، زیاتر بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی کورد و گەشەی زیاتر لە ناوەوە و لە دەرەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و کوردستان، لە هەنگاوێکی گرینگدا و بە بەراورد و لێکدانەوەی ڕاستیی ڕێبەری سازمان و بە ڕاوێژکردن لەگەڵ دڵسۆزانی سازمانی خەبات توانی لە کۆنگرەی سێهەمدا، گۆڕانکاری پێویست و ژیرانە لە پێناو ڕەوتی گەشەو بەرەوپێش چوونی خۆیدا پەسەند بکات و گۆڕانی پێویستی لە بەرنامە و ستراتیژێکی نەتەوەیی پێک هێنا و بایەخ و پێویستی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ ڕزگاری نەتەوە و نیشتمان، وەك ئەرکێکی سەرەکی دەست نیشان کرد و لەکۆنگرەی چوارەمی دا لە سەر ئەم ستراتیژی و سیاسەتە پێداگری کردەوە و لە کۆنگرەی پێنجەمیش دا ئەو ڕێڕەوە وەك خەتێکی گشتی و کاریگەر و گرینگ دەست نیشان کرایەوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی حەوتەمدا، کاروچالاکی ئۆرگانەکان، پرسی نەتەوەی کورد بەگشتی و کوردستانی ئێران بەتایبەتی، هەلومەرجی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و باقی گەلانی ئێران، وەزعی سیاسی ئێران و خەڵکەکەی، دۆخی پڕ لە قەیرانی دەسەڵاتی ئاخوندی، درێژە کێشانی گەلاڵەی ئەتۆمی، دەستێوەردان لە کاروباری وەڵاتان، پشتیوانی لە تیرۆریزم و تێوەگلانی ئەو دەسەڵاتە لە جەنگی خوێناوی ئۆکراین و چونە نێو کێشە و ناکۆکیە جیاجیاکانی جیهان، سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا و کاریگەریەکانی و ئەگەرەکانی بەردەم جوڵانەوەی ئازادیخوازی لە ئێران خستەبەر باس و گفتوگۆ.



# کار و بەرنامەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

## فەسڵی یەکەم
## ئامانجە گشتیەکان

١ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی هەڵبژێردراو و دیموکراتیك و پارلمانی لە کوردستاندا، کە مافی هەموو نەتەوەو ئایین و مەزهەب و رەگەزەکان بپارێزێ.

٢ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران دەستەبەرکرانی مافی دیاری کردنی چارەنووسی پێ پەسەندە، بۆ ئێستا دەستەبەرکرانی خودموختاری لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیك و پارلمانی بە رەوا دەزانێ و هەوڵی بۆ دەدا.

٣ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، باوەڕی وایە کە یاسای بەڕێوەبەریی وڵات بە جۆرێک رێک بخرێ کە مافی تێکڕای ئەدیان و بیر و بۆچوونە کان لە کوردستان بە بێ جیاوازی لە بەرچاو بگیرێ، لە سایەی باوەڕ بوون بە ئەسڵ و بنەماکانی دیموکراسی هەموو نەتەوە و چینو توێژەکانی دانیشتوی کوردستان وەک یەک ماف و ئازادیەکانیان پاریزراوبێ.

٤ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران هاوکاری و تەبایی لەنێوان هێزە کوردستانیەکان وەك ئەرکێکی سەرەکیی خەبات کردن دەزانێ، هەروەها ئامادەیە بۆ پێك هێنانی هەرشێوە بەرەو هاوکاری و تەبایێك کە دەبێتە هۆی رووخانی رژیمی ئاخوندی و دەستەبەرکرانی ماف و ئازادی دانیشتوانی کوردستان.

٥ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران هاوکاری و نزیك بوونەوە لە هێزە سەرانسەریە شۆڕشگێڕە ئێرانیەکانی پێ کارێکی پەسەند و بەکەڵکە، بۆ ئەوەی لەدوای رووخانی رژیمی دەسەڵاتداری ئاخوندی بە هاوکاریی هەمە لایەنە لە ئێرانێکی ئازاد، دامەزراویی و پێشکەوتن و زانست و سەنعەت لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکی دیموکراتیکدا جێگیربێ و ئەو نزیکی و تەباییەش ببێتە زامنێك بۆ کۆتایی هاتنی شەڕ و نابەرانبەری و بۆ دابین کردنی ئاسایش و یەکسانی و گەیشتنی نەتەوە و ئایین و مەزهەب و چینەکان بەمافی رەواو شیاوی خۆیان.

٦ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران پشتیوانی لە هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی دیکەی ئێران دەکا بۆ گەیشتن بەمافەکانیان لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دیموکراتیك دا بە بێ دەستێوەردانی دەرەکی.

٧ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران پشتیوانی جیهانی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوە بەشەردۆستەکان لە ماف و ئازادیەکان بۆ خەڵکی کوردستان بەکارێکی شیاو و پێویست دەزانێ و لەو پێوەندیەشدا ئامادەیە هاوکاری پێویست لەگەڵ تێکرای رێکخراو و ناوەندە جیهانیەکان بکا.

٨ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران رەگەزپەرستی و جیاوازیی رەگەزایەتی و ئایینی و مەزهەبی، مەحکووم دەکا و بە دوور لە بنەماکانی مافی مرۆڤی دەزانێ.

٩ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران پێی وایە مندالان نەوەی داهاتووی گەل و ونیشتمانن، هەر بۆیە بۆ پرشنگدارکردنی داهاتووی کۆمەڵگە، پێویستە گرینگی بە منداڵ لە باری پەروەردە و بارهێنانەوە بدرێ و هەموو پێداویستیەکانی بۆ دابین بکرێ و نابێ رێگە بدرێ کە منداڵ ببێتە ئامرازێك بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان لە خانەوادەدا و دەبێ بە دوور بگیردرێن لە کاری قورس، کە لە توانایدا نەبێ و رێگە نەدرێ لە ژێر هیچ ناوێکدا لەگەڵ منداڵ توندوتیژی بەکار بهێندرێ.

١٠ ئافرەتان لە ئێران و کوردستان بەبەردەوامی مافیان بە هۆی هێندێک کلتورو داب و نەریتی دواکەوتووی ناو کۆمەڵگە و دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر بە بەردەوامی پێشێل دەکرێ و دەچەوسێنەوە، بۆیە سازمانی خەبات و دەسەڵاتی داهاتوی کوردستان یەکێك لە ئەرکە گرینگەکانیان، هاوکاری و پشتیوانیی ئافرەتانە بۆ رزگاربوونیان لەدەست ستەم و چەوسانەوەو دەبێ ئافرەتان بەگەرمی لە هەوڵی گەیشتنیان بە ئازادی و مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاو دابن و زانست و خوێندن بکەنە بەردی بناغەی کار و ژیانیان تا بتوانن بە لوتکەی رزگاری و بەرابەری بگەن.

١١ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران پێی وایە لاوان بزوێنەری جوڵە و پێشکەوتنی کۆمەڵگان، هەر بۆیە دەبێ یەکێك لە ئەرکەکانی سازمانی خەبات و حکومەتی کوردستان گرینگی دان بەو توێژە بێت کە لە لایەن رێژیمە داگیرکەرەکانی زاڵ بە سەر چارەنووسی کورد و کوردستاندا بەردەوام مافیان پێشێل کراوە.

١٢ سازمانی خەبات پاراستنی ژینگە بە پێویست دەزانێ و لەو باوەڕەدایە حکومەتی داهاتووی کوردستان دەبێ پەرە بە پاراستنی ژینگە بدا و وەک پێویستێکی ژیان بۆ کۆمەڵگەیەکی تەندروست بینرخێنێ.

١٣ سازمانی خەبات باوەڕی بە ئازادی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن و بڵاو کردنەوە هەیە و پشتیوانی سەندیکا و دامەزراوە مەدەنیەکان دەکا لە چوارچێوەی قانوونەکانی ئازادی چاپەمەنی و رادەر بڕین و پێی وایە نابێ هیچ کەس لە سەر ڕەخنە و گازەندە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ، مەگەر حورمەتی کەسەکان یان ناوەند و لایەنەکان بشکێنێ.

١٤ گەلی کورد گەلێکی ئاشتیخوازەو سازمانی خەبات باوەڕی وایە ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی کورد بەبێ هەر جۆرە توندوتیژییێك و لەڕێگەی وتووێژو دانیشتنەوە چارەسەر بکرێ، بەڵام ڕژیمی ویلایەتی فەقیە لە بەرانبەر داوا ڕەواکانی گەلی کورددا، ڕێگەی شەڕ و سەرکوتی گرتەبەر و گەلی کوردی ناچار کردووە بۆ دیفاع لەخۆی دەست بداتە خەبات و بەربەرەکانێ، هەربۆیە سازمانی خەبات باوەڕی وایە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە، دەسەڵاتێکی نامەشروعەو سەرکوت و چەوساندنەوەی کردۆتە بەردی بناغەی کارەکانی و پێی وایە وتوویژ لەگەڵ دەسەڵاتی ئاخوندی جگە لە زیان بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورد کەڵکی نیە و وتووێژ لەگەڵ ئەو ڕژیمە ڕەد دەکاتەوە. هەروەها لەگەڵ خەباتی سیاسی، مەدەنی و تەشکیلاتی، خەباتی چەکداری بە پاڵپشتی جولانەوەی گەلەکەمان دەزانێ.

١٥ سنوورو ناوچەکانی کوردستان بەپێی بەڵگە مێژووییەکان دەبێ دیاری بکرێن و هەر شار و ناوچەییێك پرس و کێشەی خاوەنداری لەسەربێ، دەبێ بە ڕاپرسی گشتی لە جەماوەری ئەو شار و ناوچەیە چارەنووسی دیاری بکرێ کە سەر بە کوردستانە یان نا.



## فەسڵی دووەم

# بەڕێوەبردن و شێوەی کاروباری دەوڵەت

١ کاروباری پێوەند بەسیاسەتی دەرەوەو ئەرتەش و هێزی پارێزگاری لە سنوورەکان و سیستمی پووڵی و دامەزراندنی گەلاڵەو پرۆژەی درێژماوە بەدەست دەسەڵاتی ناوەندیە. لە هەرکام لەو گەلاڵەو پرۆژانەدا کە راستەوخۆ پێوەندیی بە گەلی کوردەوە بێ، دەبێ رازی بوونی پارلەمانی کوردستان وەرگیرێ، یان لە راپرسیی گشتیدا جەماوەر دەنگ بە بوون یان نەبوونی بدا.

٢ کاروباری بەرێوەبردنی کوردستان، وەك قانوون دانان و دادوەری و شێوەی خوێندن و بارهێنان و کاروباری فەرهەنگی و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان لە ئەستۆی حکوومەتی کوردستانە.

٣ ئەمنیەت و ئاسایشی کوردستان لەئەستۆی پۆلیس و پێشمەرگەی کوردستانەو پاراستنی سنوورە گشتیەکان بەهێزی سەربازیەو لەژێر دەستی دەسەڵاتی ناوەند دا دەبێ.

٤ ئەمنیەت و ئاسایشی کوردستان لەئەستۆی پۆلیس و پێشمەرگەی کوردستانەو پاراستنی سنوورە گشتیەکان بەهێزی سەربازیەو لەژێر دەستی دەسەڵاتی ناوەند دا دەبێ.

٥ هاتن و راگواستنی هێزە سەربازیەکانی حکوومەتی ناوەندی (مەرکەزی) لە کوردستاندا، دەبێ بە ئاگاداری و لەژێر چاودێریی حکومەتی کوردستان و بەرەزامەندیی پارلەمانی کوردستان بێ.

٦ پارلەمانی کوردستان کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ و نوێنەری هەموو چین و باوەڕەکانی تێدایە و بەرزترین ئۆرگانی قانوون دانانی کوردستانەو بەرپرسە لە دیاری کردنی حکومەت و چاوەدێری و لێپرسینەوەی. دەوڵەتی ناوەندیی بۆی نیە دەست لەکاروباری ناوخۆی کوردستان وەربدا، چ لە دیاریکردنی بەرپرس و بەڕێوەبەردا و چ لەپێوەند بە ئیدارە کردندا، دەبێ حکوومەتی ناوەندیی رێز بۆ بڕیاری جەماوەر و پارلەمانی کوردستان دابنێ.

٧ ئەوانەی تەمەنیان گەیشتۆتە ١٨ساڵ مافی دەنگدانیان هەیەو لە ٢٥ساڵیەوە مافی خۆپاڵاوتنیان بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتی و چوون بۆ پارلەمان هەیەو دەبێ کەسانی پاڵێوراو، شارەزا، خوێندەوار، درووستکار و خزمەتکاری گەل بن.

٨ کەمایەسیە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی کوردستاندا مافی بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی وەڵات و بوونی ئەندام لە پارلمانی کوردستاندا هەیەو دەبێ حکوومەتی کوردستان بە چاوی رێز لە کەمایەسیە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان بڕوانێ و مافەکانیان بە رەسمی بناسێ.

٩ ژن و پیاو لە یاسای هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن بۆ پارلەمان و بەرێوەبەری حکومەت یەکسانن و جیاوازییان نیە.

١٠ زمانی رەسمیی حکوومەتی کوردستان لە هەموو ئیدارەو ئۆرگانەکانی دەوڵەتیدا، کوردییە. زمانی فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی لە مەدرەسەو ناوەندەکانی خوێندندا بخوێندرێ و گرینگی بە زمانی کەمە نەتەوەکان بدرێ.

١١ دانیشتوانی کوردستان لە دیاریکردنی شوێنی ژیان سەربەستن و لە هەڵبژاردنی کار و ئەرکی رۆژانەیان ئازادن بە مەرجێك زیان بە مەسڵەحەت و قازانجە نەتەوەییەکان نەگەیێنێ.

---

## فەسڵی سێهەم

# ئامانجە ئابووریەکان

١ ئێران لەباری ئابووریەوە، دوورە لەو بەرنامە ئابووریەی کە لە وڵاتانی گەشەسەندووی جیهاندا هەیەو پەیرەو دەکرێ. وڵاتی ئێران لەپێوەند بە سامانە سرووشتیەکانی وەك نەوت، گاز ، ئاو وکانگا ژێر زەوییەکانی دیکە دەوڵەمەندە، بەڵام ئەو سامانانە وەك پێویست و بەشێوەی زانستی کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە و ئەوەندەی کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، لەلایەن دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندییەوە، لە دزی و کرینی چەك و تەقەمەنی و بەرهەم هێنانی بۆمبی ئەتۆمی و قەدەغە کراو و بۆ پشتیوانی لە ترۆریزم و ئاژاوەگێری لە وڵاتانی دیکە، بە فیرۆ دەچێ. دەوڵەتی هەڵبژێردراو لە ئێران دەبێ داهاتی نەوت و گازو باقی سەرچاوە سرووشتیەکان بۆ خزمەتی جەماوەر بەکار بێنێ و دامەزراوەو کارخانەی جۆراوجۆری پیشەسازی لە سەرانسەری ئێراندا و بەبێ جیاوازی دامەزرێنێ.

٢ زەوی و پانتاییەکان بە جووتیاران دەدرێ و دەوڵەت لەسەریەتی یارمەتی و هاوکاریی جووتیاران بکا. سەرچاوە سرووشتیەکانی وەك: ئاو، لەوەڕگە، لێرەوار، هەوارگەکان، سامانی گشتین و دەبێ سوودیان بۆ تێکرای جەماوەر بێ و هیچ دەستەو لایەنێك مافی نیە بەبیانووی خاوەنداریەتی دەستیان بەسەردا بگرێ.

٣ زۆربەی جەماوەری کوردستان لە هەژاریدا دەژین، ئەرکی حکوومەتی کوردستانە کە هەوڵ بۆ باش کردنی ژیانی جەماوەری کوردستان بدات. دەبێ حکوومەتی ناوەندیش لەو پێوەندیەدا بودجە و پووڵی پێویست بۆ قەرەبوو کردنەوەی زەرەرو زیانەکان و لاچوونی هەژاری و برسیەتی لە کوردستان تەرخان بکا. هەروەها حکوومەتی کوردستان دەبێ هاوکاریی سەرمایەداران بکات تا بتوانن بەئاسانی دامەزراوەی ئابووری و پیشەسازی لە کوردستان دامەزرێنن و رێگە خۆش بکات بۆ هاتنی سەرمایەدارانی خارجی، بۆ ئەوەی ئابووریی کوردستان گەشە بکا، تا لەم رێگەوە دەرفەت و هەلی کاری زیاتر بۆ دانیشتوانی کوردستان فەراهەم بێت.

٤ حکوومەتی کوردستان بۆ گەشەپێدانی کشت و کاڵ پێویستە بە هەموو شێوەیێك یارمەتیی جووتیاران بدا و قەرزیان بداتێ تا ئامێری کشت وکاڵی پێ دابین بکەن. هەروەها حکوومەت دەبێ بەرهەمەکانی جووتیاران بەنرخی باش بکڕێتەوەو ئەندازیار و شارەزا و پسپۆڕی کەشاوەرزی و ئاژەڵداری بەخۆڕایی بۆ چاوەدێری کشت و کاڵ و باغەکان و ئاژەڵەکان راسپێرێ و دەبێ جوتیاران و باغداران و ئاژەڵداران باربێنێ بۆ ئەوەی بەشێوە زانستیەکان کاری کشت وکاڵ و باغەوانی و ئاژەڵداری بکەن. دەرمان رشتن و کوتان و چارەسەر کردنی نەخۆشیەکانیش لەئەستۆی حکوومەتی کوردستانە و هەروەها لە ووشکەساڵیدا هاوکاریی ئاژەڵداران بکرێ و لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکان بەنرخی کەم لەلایەن وەزارەتی کشت و کاڵەوە دابین بکرێ.

---

## فەسڵی چوارەم

# ئامانجە فەرهەنگی و پەروەردەییەکان

١ پێویستە حکوومەتی کوردستان بۆ زیندوو راگرتن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە مێژوویی و فەرهەنگیەکان و بەرزکردنەوەی هوشیاری و زانیاری لەکوردستان، هەنگاوی کاریگەر هەڵگرێ و هاوکاری و یارمەتیی پێویست بۆ نووسەران و هونەرمەندان تەرخان بکرێ و ناوەندی جیاجیایان بۆ دامەزرێندرێ و گرینگی بدات بە کتێب و نووسراوەکان و رۆژنامەنووسان و بەرهەمەکانیان. دابین کردنی ئازادیی راگەیاندن و رۆژنامەوانی ئەرکێکی گرینگی حکوومەتی کوردستانە و دەبێ بەرهەمی هونەرمەندان بەهێند بگرێ و هەوڵ بدرێ سینەما و شانۆ، گەشە بستێنێ و یارمەتیی بەرهەم هێنەرانی سینەمایی و تەلەفزیۆنی بدرێ تا سەربەستانەو بەبێ کەم و کوڕی ئەرکەکانیان کە بۆ خزمەتی فەرهەنگی نەتەوەییە، بەرەوپێش بەرن.

٢ خوێندنی سەرەتایی ئیجباریەو حکومەتی کوردستان دەبێ هاوکاریی خوێندکاران بکا تا کۆتایی هاتنی خوێندنی دواناوەندی (دەبیرستان)، و قەرز بدا بە خوێندکارانی زانستگاکان و پەیمانگاکان و هەروەها ئەو گەورە سالأنەی ئارەزووی خوێندنیان هەیە هاوکاری بکرێن.

٣ پێویستە دانشگا و ناوەندەکانی زانستی و خوێندن لەکوردستان گرینگییان پێ بدرێ و ئوستادانی دانشگا و مامۆستایانی مەدرەسەکان، مووچەی شیاو و مانگانەی تەواویان بدرێتێ و رێگە نەدرێ لە مەدرەسە و زانستگاکان بێ رێزی بە مامۆستا و قوتابیان بکرێ. هەروەها حکومەت هاوکاری خوێندکارانی کورد بکات کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین بۆ فێربوونی زمانی کوردی. دانشگا و مەدرەسەکان، زانستی سەردەمیانەیان تێدا بخوێندرێ و تێکڕای کەل و پەل و پێداویستیەکانیان بۆ خوێندن، وەك کتێبخانە ، کامپیوتێر ، ژووری تاقیکردنەوە ، ژووری میکانیکی و پیشەسازی تێدا دامەزرێندرێ و حکومەتی کوردستان یارمەتی خوێنداکاران بدات بۆ خوێندن لە دەرەوەی وەلأت.

٤ پێویستە حکوومەتی کوردستان هاوکاریی ماموستایانی ئایینی ئیسلام وپەیرەوانی هەموو ئایینەکان بکاو ناوەند و دەستگای پیوەندیدار یارمەتیی و چاودێری مەدرەسە و ناوەندە دینیەکان بکا و رێز بۆ ناوەندەکان و شوێنە پیرۆزەکانی ئایین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان دانێ و حکوومەت چاودێری و هاوکارییان بکا.

---

## فەسڵی پێنجەم

# کار و باری تەندرووستی و کۆمەڵایەتی

١ حکوومەتی کوردستان لە دامەزراندنی نەخۆشخانەو دەرمانگا، لە شارو دێهاتەکانی کوردستان بەرپرسە و دەبێ تاکەکانی کوردستان بیمەی دەرمانی بکرێن و تیمارکردن و پێڕاگەیشتن بە نەخۆش بە نرخێکی زۆر کەم بێ و بۆ منداڵان و خانەوادەی شەهیدانی کوردستان و کەم ئەندامان بەخۆڕایی بێ.

٢ سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران باوەڕی وایە کە لە کۆن تا ئێستا بە هۆی باری نالەباری ژیان و هەروەها شێوەی خراپی بار هاتنی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتە نالەبارەکان، زوڵم و زۆری لە رادەبەدەر لە منداڵان و لاوان کراوە. هەر بۆیە دەبێ بۆ پاراستن و دەستەبەرکرانی ماف و ئازادیەکان و خۆشگوزەرانی منداڵان و لاوان هەوڵی کاریگەر و جیددی بدرێ و رێگە نەدرێ هیچ کەس و هیچ دەستەیێك منداڵان و لاوان بچەوسێننەوە و بە قازانجی خۆیان و بە زیانی منداڵان کەڵکیان لێ وەرگرن، و پێویستە منداڵان لە باری خوێندن و بارهێنانی سەردەمیانە، هەلی لە باریان بۆ دابین بکرێ و بتوانن وەك نەوەی داهاتووی کۆمەڵ خزمەتی گەورە بە گەل و نیشتمان بکەن.

٣ سازمانی خەبات باوەڕی وایە حکومەتی کوردستان دەبێ بۆ ڕیشەکێش کردنی نەخۆشی ئیعتیاد و ئیدز و سەرجەم دیاردە نەشیاوەکان لە کۆمەڵگای کوردستان زۆر بە جیددی هەوڵ بدات.

٤ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران باوەڕی وایە کە لە سیستمی تەندروستی و کۆمەلایەتی حکومەتی کوردستان دا ئافرەتی دووگیان لە سەرەتای دووگیانیەوە تاکاتی منداڵ بوونی دەبێ لە هەموو ناوەندە تەندروستی و دەرمانیەکاندا بەخۆرایی چاودێری بکرێ و دوای بەسەرچوونی دەورەی دووگیانی بۆ ماوەی ٤ مانگ بێ بەرانبەرهاوکاری دارایی بدرێتێ، چ ئەوانەی کاردەکەن و چ ئەوانەی بێ کارن.

٥ بۆ بوژاندنەوەی بژیوی هەژارانی کوردستان ساڵانە بودجەیێك لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە دیاری بکرێ و بە چاودێری بەشی دارایی پارلمان بە سەریاندا دابەش بکرێ. هەروەها هەوڵ بدرێ هەلی کار بۆ بێکاران و هەژاران برەخسێندرێ.

٦ جادە و ڕێگەوبان لەکوردستان خراپە، حکوومەتی کوردستان دەبێ بۆ درووست کردنی جادەو ڕێگەوبان بەشێوەی سەردەمیانە هەنگاوی پێویست و بە پەلە هەڵگرێ و بودجە، بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکرێ.





**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی هەڵبژێردراو و دیموکراتیک و پارلمانی لە کوردستاندا**

## فەسڵی شەشەم

# سیاسەتی دەرەوە

١ حکوومەتی ناوەندی لە ئێران دەبێ لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سیاسەتی دروست و ئوسوولی و بێ لایەنانەی هەبێ. هەوڵ بۆ ئاشتیی جیهانی بدا و سەربەستیی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و نیزامی بپارێزێ. پەیرەوی سیاسەتی رێزگرتنی بەرانبەر بێ و قازانجە نەتەوەییەکان لەبەرچاو بگرێ.

٢ حکومەتی ناوەندی دەبێ دەست لە کاروباری وەڵاتان وەرنەدات و خۆی لەکێشە ناوچەیی و جیهانیەکان دوور راگرێ و پەنای مرۆڤە سیاسی و لێقەوماوەکان بدات. پشتگیری خەباتی سیاسی و ئازادیخوازی کورد و نەتەوەکانی دیکە بکا. ئەگەر حکومەتی ناوەندی پێبەند نەبوو، نوێنەرانی خەڵك کێشەکە بە گەلاڵەیێك بداتە پارڵەمان.

٣ حکوومەتی کوردستان ماف و ئەرکی خۆیەتی کە یارمەتیی خوشك و براکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بدا و پەنای سیاسییان لە ئێران و کوردستان بۆ دەستەبەر کا و بەپێی توانا و بەبێ دەست تێوەردان بۆ رزگارییان لەدەست ستەم و چەوساندنەوە هاوکارییان بکا.

٤ دیپلۆماتە کوردەکان لە سەفارەت و ناوەندەکانی دیپلۆماسیی ئێران لە وەڵاتانی جیهان و نەتەوەیەکگرتووەکان وەك نوێنەر بەشدار بن و دەبێ لە هەل و مەرجی سیاسیەتی دەرەوییشدا حکوومەتی کوردستان ئاگادار وخاوەن هەڵوێست و را و بۆچوونی خۆی بێ.



## بەشی سێهەم

# پەیڕەوی ناوخۆ پەسندکراوی کۆنگرەی حەوتەم

## کۆنگرەی شۆڕشی ژینا

### بەندی ١ — ناو و پێناسەی سازمانی خەبات

**١ - ١** ناو: (**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**) کورتکراوە: (**سازمانی خەبات / خەبات**)

ناوی سازمانی خەبات لەئاستی نێونەتەوەیدا: **Khabat Organization Of Iranian Kurdistan**

**١ - ٢** ئارمی سازمانی خەبات: پێک هاتوە لە دوو بازنەی داخراو(بازنە) . بازنەی یەکەم ڕەنگی سوورە. بازنەی دوەمیش کە بچوکترە لە بازنەی سوور، بە ڕەنگی سەوز نەخشێنراوە. لەنێوان بازنەی سوور و بازنەی سەوز دا مەودایەک هەیە بە ڕەنگی سپی و لەنێو ڕەنگی سپیەکەش دا ناوی سازمانی خەبات بە کوردی و ئینگلیزی بە ڕەنگی زەردی مەیلەو زێڕ (ئاڵتونی) نووسراوە.

لە نێو بازنەی سەوزیش دا چوار شاخ بەڕەنگی سەوز و قاوەیی لەبەشی خوارەوەی بازنەکە و تا ناوەڕاستی بازنەکە هەیە. لە پشتی ئەو چیایانە تیشکی خۆری گەورە هەیە. لە نێوەڕاستی لێڕەواری ئەو چوار شاخەدا، ساڵی ١٣٥٩ بە ڕەنگی سپی نووسراوە، کە ئاماژەیە بە ساڵی دامەزراندنی سازمانی خەبات. لەنێوەڕاستی بەشی ڕاستی شاخەکان گوڵە زەیتونێک نەخشێنراوە. لەهەمان قەبارەی گوڵە زەیتونەکە لە کۆتایی بەشی چەپی شاخەکان تا ناوەڕاستی بازنەی سەوز بە دیوی ناوەوە،چەرخێک بە نیشانەی پیشەسازی کە لە شەش دەندە پێک هاتوە.

**١ - ٣** سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران هێزێکی نەتەوەیی و نیشتمانیە، لەسەر باوەڕ بە ماف و ئازادی هاونیشتمانانی کوردستان درێژە بە تێکۆشان دەدات.

**١ - ٤** سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بۆ ڕزگاری کورد و دەستەبەرکرانی ئازادی و ڕووخانی ڕژیمی ویلایەتی فەقیە و دامەزرانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو و دیموکراتیك لە ئێران و دەستەبەرکرانی مافە ڕەواکانی هاونیشتمانانی کوردستان تێ دەکۆشێ.

**١ - ٥** دانیشتوانی کوردستان بەو مەرجانەی لە بەندی دووهەمدا باسیان دەکرێ، دەتوانن لە سازمانی خەباتدا ببن بە ئەندام.

## بەندی ٢ — مەرجی ئەندام بوون

**٢ - ١** تێکڕای هاونیشتمانیانی کوردستان و هەر کوردێکی دانیشتووی ئێران  دەتوانێ ببێتە ئەندام لە سازمانی خەبات دا. ئەندام بوون لە هێزی پێشمەرگەدا نابێ تەمەنی لە ١٨ساڵ کەمتربێ.

**٢ - ٢** باوەڕی بە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆیی سازمان هەبێ.

**٢ - ٣** تێکۆشان و چالاکی لە یەکێك لە شانەکانی سازمانی خەباتدا بووبێ. یان پێوەندی بە یەکێك لە بنکەکانی سازمانەوە هەبێ. ئەوانەی شیاوی ئەندامەتین کاتێك دەتوانن بە ئەندام وەربگیرێن کە لەلایەن شانە یان ئەندامێکی لەمێژینەی سازمانەوە بناسێندرێن.

**٢ - ٤** دەست و دڵ پاك و شۆڕشگێڕ بێ و پێوەندیی بە دژمنانی گەلی کوردەوە نەبێ و دژایەتیی هیچ ئایین و باوەڕێک نەکا و لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەیی و ماف و ئازادی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تێ بکۆشێ.

**٢ - ٥** خائین بەگەل و جاسووس و بەدناو و ڕەگەزپەرست ناتوانن ببنە ئەندام لە سازمانی خەباتدا.

## بەندی ٣ — ئەرکەکانی ئەندام

**٣ - ١** بەپێی پەیڕەوی سازمان تێبکۆشێ.

**٣ - ٢** نهێنی پارێز بێ لە هەر هەل و مەرجێکدا.

**٣ - ٣** سیاسەتی سازمان پەرە پێ بدا و بیباتە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێران و جیهان.

**٣ - ٤** هەوڵ بدا پلەی زانیاری خۆی وهەڤاڵ و هاوباوەڕانی بەرەوسەر بەرێ و بۆ بردنەسەری ڕادەی هوشیاری سیاسی هاونیشتمانیانی تێبکۆشێ.

**٣ - ٥** هەوڵ بدا پلەی زانیاری خۆی وهەڤاڵ و هاوباوەڕانی بەرەوسەر بەرێ و بۆ بردنەسەری ڕادەی هوشیاری سیاسی هاونیشتمانانی تێبکۆشێ.

**٣ - ٦** ڕاپۆرتی کاری خۆی بداتەوە بە ئۆرگانی سەرەوەتر.

**٣ - ٧** هەر جۆرە ناوچەگەرایی و فراکسیون و دەستەبەندی لە ڕیزەکانی سازمان دا بە خەیانەت بە گەلی کورد و سازمانی خەبات بزانێ.

**٣ - ٨** هەوڵ بدا دۆست و کەسانی چالاك بهێنێتە ڕیزەکانی سازمانی خەباتەوە و بە سیاسەت و بەرنامەکانی سازمان ئاشنایان بکا.

## بەندی ٤ — مافەکانی ئەندام

**٤ - ١** ئەندام مافی نەزەردان و داوای وەرگرتنی زانیاری لەسەر هەڵوێست و پرسە جیاوازەکان هەیە و مافی رەخنەگرتنی لەبەرانبەر هەموو بەرپرس و ئۆرگانێکدا هەیە، لە رووبەڕوو حزووری.

**٤ - ٢** هەموو ئەندامێک دوای یەک ساڵ ئەندامەتی لە سازمان دا دەتوانێ لە هەڵبژاردنەکاندا و لە دەنگداندان دا بەشدار بێ.

**٤ - ٣** دەبێ بۆ لێپرسینەوە لە سەرپێچیی هەر ئەندامێك دوای کۆبوونەوەی ئۆرگانی پەیوەندیدار بانگ بکرێ و قسەی لەگەڵ بکرێ وێرای گوێگرتن لەداواکانی ئەنجامەکەی بە ئۆرگانی بالآتر راگەیێندرێ.

**٤ - ٤** ئەندامی چالاک و دڵسۆز و خاوەن ئەزموون دەبێ  رێز لە کەسایەتی و کارو چالاکی و ماندووبوونەکانی بگیردرێ و لە بەڕیوەبردنی کاروبار و بریارداندا راوێژی پێ بکرێ و ڕا و بۆ چوونەکانی لەبەر چاو و بە هێند بگیردرێ و تەشویک بکرێ.

## بەندی ٥ — سزادانی ئەندام لە بێ نەزمیدا

**٥ - ١** سەرکۆنە کردن و لێپرسینەوە لە هەڵەکان.

**٥ - ٢** هەڵ پەساردن و دوورخستنەوە بۆماوەێک کە لە ٣ مانگ کەمتر نەبێ.

**٥ - ٣** وەرگرتنەوەی بەرپرسایەتی.

**٥ - ٤** ئەگەر ئەو خالآنەی سەرەوە کاریگەر نەبوو، وەرگرتنەوەی مافی ئەندامەتی.

## بەندی ٦ — کادر

کادر ئەو ئەندامە دڵسۆز و کارا و چالاکەیە، کە خاوەن کەسایەتی فکری و دەربڕینە ولەبیرکردنەوە و تێکۆشان دا توانای وردبینی و دووربینی و نوێ گەرایی هەیە. لەئەرک و کارە تەشکیلاتیەکانی دا دڵسۆزانە بۆ پێشخستنی سیاسەتی سازمانی خەبات و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی، لە هەر شەرایت و هەلومەرجێک دا پارێزگاری و داکۆکی لە سیاسەت و ئامانجەکانی سازمانی خەبات بکا و لەسەر ئاستی کاری ئورگانی و تەشکیلاتی، نەزەر و لیکدانەوەی گرنگ و دڵسۆزانەی هەبێ وهەوڵ بۆ یەکڕیزی و یەکگرتووی ناو ڕیزەکانی سازمانی خەبات بدا و لە دەورە تایبەتیەکان دا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و ڕاهێندراوە، یان شارەزایی و ئەزموونی پێویستی لەژێر ڕێنوێنی بەڕێوبەری ئورگانەکان پێدراوە بۆ کارکردن.

## بەندی ٧ — مەرجەکانی کادری پلە یەك

٧ - ١ دەبـێـت تـوانـای وتــاردان و ئەنجامدانی کـۆڕ و کـۆبـوونـەوە و بـەڕێـوە بـردنـی هـەبـێـت.

٧ - ٢ تـوانـای هـەڵـسـەنـگـانـدن و لـێـکـدانـەوەی ڕووداو و پـێشهاتەکانی هەبێ.

٧ - ٣ دەبـێـت ڕاسپاردە و بەرنامەی سازمانی خەبات بەو شێوەی کە هەیە بگەیەنێ بە خەڵك و ئەندامان و لایەنگران. هـەروەهـا پـێـویـسـتـە وەک خـۆی داوا و خواستەکانی ئەندام بگوازێتەوە بۆ سەرەوە، بڕیارەکانی سەروی خۆی بگەیەنێتە خـوارەوە.

٧ - ٤ دەبـێـت لە پەیڕەو پڕۆگرامی سازمانی خەبات تێبگات و شارەزای بـڕگەو مادەکانی پـەیـڕەوی ناوخۆ بـێـت.

٧ - ٥ دەبێت ماوەی ئەندامبوونی لە ٤ ساڵ کەمتر نەبێ.

٧ - ٦ دەم و دەسـت و داوێـن پـاک بـێـت و پابەندی دیسپلینی تەشکیلاتی بێ.

## بەندی ٨ — مەرجەکانی کادری پلە دوو

٨ - ١ بـاوەڕی بـە ڕەخـنـەو ڕەخنە لە خۆگرتن ئازادی ڕادەربین هـەبـێـت.

٨ - ٢ کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسی خۆی بدا و داکۆکی لە سیاسەت و بەرنامەی سازمانی خەبات بکا.

٨ - ٣ هەوڵبدات دۆست و لایەنگر و ئەندامی ژێر بۆ (سازمانی خەبات) پەیدا بکات.

٨ - ٤ نهێنییەکانی (سازمانی خەبات) بپارێزێت و ڕاستییەکانی لێ نەشارێتەوە.

٨ - ٥ دەبێت ماوەی ئەندامبوونی لە ٢ساڵ کەمتر نەبێ.

٨ - ٦ لە ئەرک و کارەکانی دا سەرکەوتووبێ.

## بەندی ٩ — مەرجەکانی کادری پلە سێ

٩ - ١ ئەندامێکی دڵسۆز و وەفاداربێ و ئەو ئەرکەی کە پێی دەسپێردرێ بەباشی ئەنجامی بدات.

٩ - ٢ کـەسـێـکـی ڕاسـتـگـۆ و دەست و داوێن پاک بێت.

٩ - ٣ دەستکەوت و ئیمکاناتی سازمانی خەبات بەباشی بپارێزێ.

٩ - ٤ لە ڕاپەڕاندنی ئەرک و کارەکان دا وردبین بێ.

٩ - ٥ دەبێت ماوەی ئەندامبوونی لە ١ساڵ کەمتر نەبێ.

## بەندی ١٠ بنەمای کارکردن لە ئورگان و بەڕێوبەریدا

لەناو ئورگانەکانی سازمانی خەبات دا، بنەمای بەڕێوبەری بەپێی هەڵبژاردن دەبێ و کەمایەتی پەیڕەوی زۆرینە دەکات. بڕیارەکانی سازمانی خەبات لە دوای ڕاوێژ و ووردبوونەوە بەزۆرینە دەبێ و هیچ ئەندامێک بەتەنها لەسەر مەسەلە چارەنووس ساز و گرینگەکان بڕیار نەدات. دامەزراندنی ئۆرگان و ناوەندەکانی سازمان دەبێ بە بڕیار و نەزەری زۆرینەی ئەندامانی سەرکردایەتی سازمان بێ و نەزم و نیزام بۆ ئەندامان وەک یەک دەبێ و هەموو دەبێ دیسپلین و ڕێ و شوێنەکانی تەشکیلاتی بپارێزن.

## بەندی ١١ قەوارەی بەڕێوەبەری سازمانی خەبات

### ١ - ١١ کۆنگرە

کۆنگرە بەرزترین ئورگانی دەسەڵاتیە و بەشێوەیی ئاسایی هەر چوار ساڵ جارێک بەبەشداری سکرتێری گشتی و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆنگرە پێک دێ. ئەگەر هەل و مەرج موناسیب نەبوو بۆ پێکهێنانی کۆنگرە، سەرکردایەتیی سازمان بەپێی پێویست و بە بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ کادرە پێشکەوتووەکان، بڕیار لەسەر وادەی کۆنگرە دەدا. سنوورێك بۆ دەسەڵاتی کۆنگرە نیە و کۆنگرە دەتوانێ ڕێبازی سازمان و هەر جۆرە ئاڵ و گۆڕێکی فیکری و تکنیکی پێک بێنێ. هەر لە کۆنگرەدا سکرتێری گشتی و ژمارەی پێویستی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ.

#### مەرجەکانی بەشداری و خۆپاڵاوتن لە کۆنگرەدا

١. هەر ئەندامێك دوای دوو ساڵ لە ئەندامبوونی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی کۆنفرانسەکانەوە مافی خۆپاڵاوتنی بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەدا هەیە.

٢. هەر ئەندامێك کە کەمتر لە چوار ساڵ بێ پسانەوە خزمەتی لە ریزەکانی سازماندا نەبووبێ ناتوانێ لە کۆنگرە دا خۆی بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی بپاڵێوێ.

٣. هەر ئەندامێک کە خۆی دەپاڵێوێ بۆ ئەندامیەتی کومیتەی ناوەندی دەبێ لەڕیزی پێشمەرگایەتی سازمانی خەبات دابێ و نیازی دانیشتن یاخود نیازی ڕۆیشتن بۆ ووڵاتانی دەرەوەی نەبێ.

٤. دەبێ کەسێکی پێشەنگ بێت لە ڕەفتارد و خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی تێدابێ و ئەرک و بەرپرسیاریەتی بوبێ لەسازمانی خەبات دا.

٥. دەبێ کەسێکی دیموکراتخوازبێ و خاوەن فکری ئازاد بێت.

### ٢ - ١١ بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە

لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بەرپرسی سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکانی سازمانی خەباتی بۆ کۆنگرە لەئەستۆیە. کۆنفرانسەکان پێویستە لانیکەم لەنێوان٣ بۆ ٦ مانگ پێش وادەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەوە ببەسترێن.

لەهەندێک شوێن کە ناتوانرێ کۆنفرانس ببەسترێ، یاخود لە بارودۆخی تایبەتی دا، لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بە ڕاوێژ لەگەڵ سکرتێر و سەرکردایەتی سازمانی خەبات، یەک لەسەر سێی ئەندامانی کۆنگرە ڕاستەوخۆ، بەمافی دەنگدانەوە بۆ کۆنگرە دیاری دەکات.

## ٣ - ١١ سکرتێری گشتی

سکرتێری گشتی ڕاستەوخۆ لەکۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێ و بەرووی دەرەوەدا وتەبێژی سازمانە، بەرپرسی یەکەمی پەیوەندیەکانە و هەماهەنگی و چاودێری باقی ئۆرگانەکانی سازمانی خەبات دەکات. مافی بەشداریکردن و لێپرسینەوەی لە هەموو بەشەکانی سازمانی خەبات دا هەیە. سکرتێری گشتی مافی ئەستاندنەوەی بەرپرسیاریەتی لە هەر ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی هەیە، بەمەرجێک بە بەڵگەو لێپرسینەوە ئامادەنەبێ کە ئەرکە سازمانیەکانی جێبەجێ بکات، یان بە پێچەوانەی ئامانجەکانی سازمانی خەبات بجوڵێتەوە. سکرتێری گشتی بە ڕاوێژ لەگەڵ کومیتەی ناوەندی مافی پڕکردنەوەی پۆستە بەتاڵەکان و دیاریکردنی ئەندامانی نوێی، لەناو کادرەکاندا بۆ سەرکردایەتی هەیە. هەموو ئورگان و بەرپرسەکان پێش ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی سازمانی پێویستە پێشتر لەگەڵ سکرتێری گشتی ڕاوێژی کردبێ. هەر ئەندامێکی سەرکردایەتی داوای دەست لەکارکێشانەوەی کرد، داواکاریەکەی لەلایەن سکرتێری گشتیەوە بەڕەسی بکرێ و بڕیاری لەسەر بدرێ.

## ٤ - ١١ کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات

کومیتەی ناوەندی لە کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن و ڕێژەی ئەندامان و جێگرەکانی کۆنگرە دیاری دەکات. کومیتەی ناوەندی لەماوەی نێوان دوو گۆنگرەدا، بەرزترین ئورگانی جێبەجێکارە و بەڕێوەبردنی کۆمیسێۆنەکانی سازمانی خەباتی لە ئەستۆیە. کومیتەی ناوەندی سەرکردایەتی سازمان دەکات لەڕووی بەڕێوبەری، سیاسی و لانیکەم مانگێ جارێك کۆبوونەوە پێك دێنێ و هەروەها شەش مانگ و لانی زۆری ساڵێك پلۆنیۆم بگرێ. بڕیاردان بەزۆرینەی دەنگ دەبێ و کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بە بەشداری دوو لەسەر سێی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ڕەسمیەت پەیدا دەکا.

### ئەرک و دەسەڵاتەکانی کومیتەی ناوەندی

١. داڕشتنی سیاسەت و بەرنامەی گونجاو بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی سازمان.
٢. دیاریکردنی هەڵوێست و بۆچونەکانی سازمانی خەبات لەسەر هەموو ڕووداو و پێشهاتەکان.
٣.پارێزگاری لە جێبەجێکردن و پەیڕەوی کردنی پەیڕەو پرۆگرامی سازمانی خەبات و بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرە.
٤. بەرپرسی ڕاگەیاندن و بەرنامەڕێژی بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیرانە لە هەموو بوارەکانەوە.
٥. دیاری کردنی کاتی کۆنگرە لە کاتی ئاسایی یان نا ئاسایی خۆی دا.
٦. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنفرانس و کۆنگرە.
٧. دیاری کردنی کاتی کۆنگرە لە کاتی ئاسایی یان نا ئاسایی خۆی دا.

## بەندی ١٢ ڕێکخراو و کۆمیتەکان

ڕەگی ڕێکخراو شانەیە کە لە ٣ کەس کەمتر نەبێ و لە پێنج کەس زیاتر نیە. لەکۆی ٣ شانە ڕێکخراو و کۆمیتە پێك دێ و لە کۆی چەند کۆمیتەی ناوچەیی، کۆمیتەی شارستان پێك دێت و لە کۆی چەند کومیتەی شارستان مەڵبەند پێک دێت. کۆمیتەکان بڕیارو ڕاسپێردراوەکانی سەرکردایەتی سازمان دەبەنە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و جێ بەجێی دەکەن. سەرکردایەتیی سازمان یارمەتی جەماوەری دڵسۆز و پشتیوانانی سازمان و ئەندامەتی مانگانەی ئەندام و لایەنگران لەگەڵ داهاتەکانی دیکەی سازمان بەشێوەی ئوسوولی، خەرجی سازمان و ئۆرگانەکانی دەکا و سەرپەرستی ئەو خەرجییانە و داهاتانەی لە ئەستۆیە

www.sazmanixebt.org



سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

**Khabat Organization Of Iranian Kurdistan**

www.sazmanixebat.org

www.xebatmedia.com

SAZMANI XEBAT © 2023-07-23

info@sazmanixebat.net